# زایەڵە
# دەنگی شاراوەی شتەکان

عەبدوڵڵا قەرەداغی

(١)

جگە لە چوار پارچە شیعری «تۆ کۆچ ناکەی»، «شەوانی باران»، «خەنجەر و خۆشەویستی»، «بانگ»، سەرجەمی شیعرەکانی کۆمەڵەی «زایەڵە» (١)ی شاعیر «ئەنوەر قادر محەمەد» زادەی ساڵانی نامۆیین.. ئەو نامۆییەی، بەزمانی ژمارە، لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨ەوە دەستی پێ کرد و تەنیا یەک مانگ بەسەرچوو بوو، یان بەسەر نەچوو بوو پارچە شیعری «پرس» لەدایک بووە. لەماوەیەکی ئاوەهادا کە بەلای کەسانێکەوە ئەو تەمەنی نامۆییە ناتوانێ نیشانەکانی سەرسامی هەڵبمژێت، کەسانی دیکەش ڕەنگە فریای داڕشتنی نەخشەی خەونەکانیان نەکەوتبوو بن، دەبێ ئەم «پرس- پرسیار»ە لە چ خولگەیەکدا بخولێتەوە!؟، بەڵام پێش ئەوەش ئایا «پرس» بە ڕاستی پرسیار دەگەیەنێ!؟.

بەڕواڵەت: بەڵێ، چونکە شاعیر بەهێنانەوەی پرسیارەکانی بەرانبەر دەست پێ دەکات.. ئەمە دەسپێکی شیعرەکەیە:

**لێم دەپرسی: لە کام زەریای شیرینەوە تۆ هاتووی،**
**گیانت هەموو بارانی سپیی هەنگوینە!؟**
**لەبەر کامە خۆری گەشدا تۆ گەورە بووی،**
**چاوت، قژت وا ڕەش بوون،**
**دەمت، دەستت، هەموو گیانت گڕ و تینە!؟**
**لێم دەپرسی:**
**باهۆزی هەڵکردووی سینەت،**
**هی کام شاخە؟!**
**ئەی ئەو تەمەی وا ڕوخسارتی داگرتووە،**



ئەنوەر قادر محەمەد

**بۆ مەرگی کامە دڵدارە؟!.**

پرسیارەکان هەر هێندە بوون و بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەم شیعرە بەرستەی «لێم دەپرسی» دەستی پێ کردووە و دووبارەش کراوەتەوە، مێشکی خوێنەر بۆ لای ئەوە دەچێ کە وشەی «پرس»ی ناونیشان هەر دەبێ کورت کراوەی «پرسیار» بێت، پرسیارەکانیش هی ئەوەن کە بە «کچی شەنگ» بانگ کراوە، ئایا بەڕاستی دەبێ ناونیشانی ئەم شیعرە لە پرسیارەکانی ئەوەوە هەڵقوڵابێ؟

لە کۆی چوار پرسیاری نێو شیعرەکە سیانیان، بە تەواوی، سەبارەت بە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خودی شاعیرە و تەنیا یەکێکیان کەسی دیکەشی تێدا بەشدارە: «بۆ مەرگی کامە دڵدارە؟». ئەگەرچی لەو سێ پرسیارەشدا چەند شتێک کراونەتە چوارچێوەی گشتی (ئامێز)ی شاعیر: «لەکام زەریای شیرینەوە؟» و «لەبەر کامە خۆری گەشدا» و «هی کام شاخە؟»، بەڵام هەر لە سەرەتاوە دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کە نیشتمانی شاعیر «زەریا»ی نییە و «خۆر» و «شاخ»یشی. لەو بۆتەیەی بۆیان دەستنیشان کراوە، جیاوازییان لەگەڵ هی وڵاتانی دیکە نییە و لە هەموو ئەمانەش سەرنجڕاکێشتر، لەوەڵامدا فەرامۆش کراون.

وەڵامەکە کورت و پوخت و ڕاستەوخۆیە:

**ئەی کچی شەنگ!**
**لە خاکێکەوە من هاتووم،**
**ساڵی هەزاران فەرهادی تێدا دەمرێ و**
**دەم نانێنە دەمی شیرین**

چەمکەکان گۆڕاون.. ئەو بەشانەی لە چەند دێری پێشوودا بە «شت» ناومان بردن، چ بە کردەوە هەبووبن، یان نە، دەتوێنەوە و لە جێیاندا «خاک- وڵات»ێک جێگیر کراوە کە بەشێوەیەکی فەرمی بە «نیشتمان» دانەنراوە، ئەو «تۆ»یەی چەقی پرسیارەکانە، لە ڕەوتی گشتیدا دەکرێتە بەشێک لەو «خاک» و هەر لەوێشەوە بەڵگەی بوونی خۆی وەردەگرێ و دەیکاتە چوارچێوە و ناسنامەی خۆی، تەنانەت لە شیعرەکەشدا پێش خۆی دەخات: «لەخاکێکەوە من هاتووم»، بەڵام ئەو خاکەش ناسنامەی خۆی هەیە.. خاکی عاشقە ناکامەکانە: «ساڵی هەزاران فەرهادی تێدا دەمرێ و دەم نانێنە دەمی شیرین». بە دەربڕینێکی دیکە.. ئەو عاشقانە (کۆ) و عیشقەکەیان (تایبەتمەندی)ن کە دەبنە ناسنامەی (خاک)ەکە و شاعیر (تاک) تەنیا سەر بەو نیشتمانەیە، ئەمەی لەم شوێنەدا بەدی دەکرێ، پڕ بە پێستی وشەی ئینتیمایە.. ئینتیمایەک «خود» تێیدا ئەو ناسنامەیە هەڵدەبژێرێ کە «خاک» هەیەتی و شانازی پێوە دەکات. بە کردەوەش، ئەگەر شاعیر بە هەمان ئەو شێوەیەی (فەرهاد)یش عاشق و ناکام نەبووبێ، بەڵام بە ئەزموون هەر عاشق و ناکام بوو، ئەمە لە بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵە شیعری «زریان»داو، زۆر بە ڕوونی لە «کۆچی شازادە»دا بەدی دەکرێ:

**سەر هەڵئەگرم، لە وڵاتی غەریبیدا**
**دوور دوور لە تۆ، ئەچمەوە باوەشی خاک**
**ئێوارانێ..**
**وەک شمشاڵێ لێو و پەنجە و بەرۆکی شوان بەجێ بێڵێ**
**جێت ئەهێڵم**
**وەکو شووشە کە پەنجەرە جێ بهێڵێ و دەست بکاتە ملی**
**ورد بوون**
**جێم ئەهێڵی و جێت ئەهێڵم** ل٦٥

ئایا ڕێکەوتە، یان پێشبینییەکی شاعیرانەیە، یان خەونێکی شێتە ئاوەها، لە پارچە شیعری «پرس»دا، بەم شێوە سەرنجڕاکێشە، دەقاودەق زایەڵەی ئەو ڕاگەیاندنە پڕ

گــريانەی «کــۆچی شـــازادە» دەبينينەوە، با بە وردی بەراورديان بکەين: «سەرهەڵئەگرم، لە وڵاتی غەريبيدا.. دوور دوور لە تۆ، ئەچمـــەوە باوەشی خـــاک».ئا ئەمــە ڕاگەياندنەکەی «کۆچی شازادە»يە، لە «پرس» يشدا، کە يەکـەمين پارچە شيـعری «وڵاتی غـەريبی»يە و تـەنانەت تاقە شيعری نامۆييشەو کە شوێنی نووسينەکەی تۆمار کـــراوە: «لينينـگراد، ئاوەها چۆتەوە باوەشی خـــاک: «لەخاکێکەوە من هاتووم»!؟. ئايا ڕێکەوتە، يان خەونە پێشبينی کە لە «کۆچی شازادە»دا ئەوەها باسی ناکامی شاعير کە لەدوو توێی ناکامی شمشاڵی لێو و پەنجەی شـوان بەجێ هێشـتوو و شـووشـەی وردی پەنجـەرە بەجێ هێشـتوودا ڕەنگرێژی کراوە... ئاوەها زايەڵەی خـۆی لە شيـعری «پرس»دا بەو شێوەيە ببينێتـەوە کە «ناکامی» دەبێتـە ناسنامـەی هەمـوو عـاشـقـان و هەمـوو ئەمـانەش هێندە لە خاکدا ڕۆدەچن کە دەبنە ناسنامەی «خاک» ؟.

دارشتنی «ناسنامـە» و «ئينتيـما» بەم شێـوەيە بەرەو پێگەيشتنی هەمەلايەنەی ئەو خۆشەويستييـە، بەڵکو بەرەو «خۆشەويستی» هەمەلايەنەش پەلکێشمان دەکات. ئايا لـەکاتی نووسـينی هەردوو شيـعرەکـەدا عـاشـقـانی نيشـتـمانەکـەی شـاعـيـر، بەنامـۆيی، لەو نيشـتـمانە دانەبرێنـدرا بوون و «ناکـــــام» نەکـــــرا بـوون؟. بەم تێگەيشتنە، ئەو ناسنامـە و ئينتيـمايە کرۆکی کـێشـە «قـضيـة»يەکی گەورەترن لەوەی لە چەند پرسيارێکدا چڕ بکرێنەوە، بۆيە پێم وايە «پرس» ناونيشانی ئەو شيعرە کـورتکراوەی «پرسيـار» نييـە، بەڵکو مـەعنای وشـەی عـەرەبی مسـألة – قـضـيـة» دەبەخشێ، ئايا دەتوانرێ لە کـۆمـەڵە شيـعری «زايەڵە»دا بەکـردەوە و بەپشت بەستن بەهێڵە سەرەکييەکانی پارچە شيعری «کۆچی شازادە»، سيماکانی ئەو کێشەيە (ئەو پرسە) بەدی بکرێ؟.

بەڕواڵەت، بەشـێک لە شـيـعـرەکـانی شـاعـيـر ڕەنگدانەوەی پێـوەنديـيـە زۆر تايبـەتيـيـەکـانين. ئەوەتا پارچە شيعری «کاکە» بۆ مامۆستا محەمەدی مەلا کەريم نووسـراوە و شـاعـيـر بەم شێـوەيە ناوی بردووە (کـاکـە حەمەی مەلا کەريم)، بەڵام يەکەمين دێری دەتوانێ هێڵە سـەرەکـيـيـەکـانی ئەم پێـوەنديـيـە تايبــەتە دەکـاتە تايبەتمەندييەکی بەرچاوی شاعير:

**کاکە ئەمرۆ نامەکانم ناگەنە تۆ!**

ئەگەر «نامە» کێشەيەکی تايبەت بە تاکەکەس بووبێ، نەگەيشتنی نامە، بەتايبەت لەکاتێکی دياريکراوی وەکو ئەوەی ئەو پارچە شـيـعـرەی تێـدا نووسـراوە (شـوباتی ١٩٧٩)، هەرگـيـز کـێـشـەيەکی تايبـەت نەبووە، ئەوەی باسی لێوە دەکرێ نەگەيشتنی نامەيە لە ڕێگای پۆستی ئاسـايی وڵاتەوە پۆسـتی ئاسايی ئەو سـەردەمـەی عێـراق فەرمانگەيەکی ڕژێم بوو دەيزانی نامە ئامرازێکی کارای گواستنەوەی هەواڵە، چ ڕاستـەوخـۆ و بێ پەردە بێ و چ ناڕاســتــەوخــۆ و لەژێر پەردەوە.. لێـرەوە، جگە لەوەی هەمـوو نامـەيەک لەژێر سـانسـۆرێکی گـەورەدا بـوون، بە تايبــەت لە ســاڵی ١٩٧٩وە، نامــەی کــەســانێکی دياريکراويش، بە مـەبەسـتی ڕێگاگـرتن لە دزەکـردنی هەواڵی پەردەپۆش کراو، هەر ڕێگا نەدەدرا بگەنە شوێنی خۆيان، يەکێک لەو کەسانەش شاعير بوو.

بەڵام با تەنيـــا پەنا نەبەينە بەر لێکدانەوەی پشت بەسـتـوو بەهێندێ لەتايبـەتمەنديـيـەکـانی سـەردەمـێکی دياريکراو، ڕاستـەوخـۆ ديوی ناوەوەی شـيـعـرەکـە خـۆی بدوێنين، تا بزانين ئايا ئەو پێوەندييە زۆر تايبەتييانەی شاعير دەخرێنە ژێر چەتری خۆخوازييەوە:

**کاکە گەرچی تاکو ئێستەش،**
**«ڕەواقی خانەيی سەبرم نەسووتاوە،**
**بەڵام بەخوا هەموو ڕۆژێ،**
**دڵ دەبێتە چەند دڵۆپێک خوێنی ڕەش و،**
**بەچاوانما ڕادەبوورێ....»** ل٨٣

لە پەراوێزدا شاعـير تەنيا ئەمـە دەدرکێنێ: «ئاماژەی شيعرەکەی (نالی)يە: قـوربانی تۆزی ڕێگەتم.. ل١٩٩» مـەبەسـتيش «چامـە نامـە» بەناوبانگەکـەی (نالی)يە کە پتر بە «نامەی نالی بۆ سالم» ناوبراوە و لە (٤٣) بەيت پێک دێت و لە «ديوانی نالی» (*)دا زنجيـرەی دووەمين پارچە شـيـعـری تيـپی (ڕێ)ی دراوەتێ. ئەو «چامـە نامە»يە بە ئاوەها دەست پێ دەکات:

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور**
**ئەی پەيکی شـارەزا بە هەمـوو شـاری (شـارەزوور)**
ل١٧٤

ئەوەی تـەنيـا يەک جـاريش چاوی بە هەمـوو (ديوانی نالی)دا خشاندبێ دەزانی ئەو «چامە نامە»يە لە غەريبی و لە سـايەی نـەمـانی دەسـەڵاتی خـۆمـاڵی (ڕووخـانی

میرنشینی بابان)دا نووسراوە.

واتە بێ گومان سۆزی نامۆیی، ئامێتەی ترس لە داهاتنی شەوی ئێجگار درێژی دەسەڵاتی بێگانە دەبێ. پارچە شیعری «کاکە»ش هەمان ئامێتە بوونی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام لێرەدا ئەوەی خەریکە باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێ تەنیا هێزێکی داگیرکەر نییە، چونکە وڵات لە بناغەدا «ئازاد» نەبوو، بەڵکو دیکتاتۆرییەتێکی دەگمەن لەسەردەمێکی دەگمەندا خەریک بوو باڵی بەسەر وڵاتدا دەکێشا و هاوکاتیش گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە گەیشتبوونە لووتکە. لە ناوەوەی کوردستاندا داگیرکەران بەقووڵایی چەندین کیلۆمەتر یەکەمین ئەنفالی گەورەی گوندەکانی کوردستانیان (گوندەکانی سەر سنووری ئێران بەتایبەت) گەیاندبووە دوا قۆناغ. لە ئێراندا ڕژێم گۆڕا بوو. لەنێو دەسەڵاتی عیراقیشدا لەلایەکەوە دوا شەڕی گەورەی دژی هێزە سیاسییەکانی وڵات، بە گەرمی دەستی پێ کردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە شەڕی ڕاستەقینەی یەکلاکردنەوە و پاوان کردنی دەسەڵات دەستی پێ کردبوو و ڕووە و کۆتایی ترسناکی هەنگاوی هەڵدەهێنا. لەنێو سەرجەمی ئەم گۆڕانکارییانەشدا وێنەی خەونەکانی دیکتاتۆری پشت پەردەی دەسەڵات بۆ فراوانترکردنی بەردەوامی سنووری دەسەڵاتی، لە ناوچەکەدا بەلای کەمەوە، دەکرا بەدی بکرێ.

ئەمە سنوورەکانی ئەو دڵەڕاوکێیە بوون کە ڕەنگە تەنیا لە ڕێگای نەگەیشتنی نامەکانیەوە شاعیر دەرکی پێ کردبێ. لە چوارچێوەی ئەم سنوورەشەوە دەزانی چۆن و بۆچی چامەنامەی نالی هەڵبژاردووە و پتر پێ لەسەر چ بەیتێک دادەگرێ:

**کاکە گەرچی تاکو ئێستەش**
**«ڕەواقی خانەیی سەبرم نەسووتاوە،**

«تاکو ئێستەش.. واتە.. تاکو کاتی نووسینی پارچە شیعرەکە، کە (مارتی ١٩٧٩)یە. تا ئەوکاتە تەنیا نزیکەی (چوار مانگ) بوو کاک ئەنوەر پێی نابووە «وڵاتی غەریبی»یەوە، ئاساییە تا ئەوکاتە «ڕەواقی خانەیی سەبر» ئاگری تێ بەرنەبووبێ، شاعیر سوور دەزانێ ئەمە پایەدار نییە. «کاکە گەرچی..» ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی باری ئێستا باری ئاسایی و چاوەڕوان کراو نییە. پێشتر، بەنیسبەت نالی-یەوە، لە «قوربانی تۆزی ڕێگەتم»دا سەرنجی ئەمەمان دابوو:

**سووتا ڕەواقی خانەیی صەبرم، دڵ و دەروون**
**نەیاوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی: یا صەبوور** ٦/ ل١٧٧

هەڵومەرجەکەش هەر «نامۆ» بەرەو ئەوە دەبات دڵەڕاوکێیەکی گەورە، لە ئاستی بوونی داگیرکەرێکی بێ بەزەیی بەسەر وڵاتەکەیەوە، ناخی بەتوندی بگەزێ.. ئەو ناخ گەستنەی نالی لەبارەیەوە گوتبووی:

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**
**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بەچاوا بکا عوبوور** ٤١/ ل١٩٧

بەڵام بەلای ئەنوەرەوە کارەکە لە سنووری «ئەگەر-ئیحتیمال»دا نامێنێتەوە و، «ڕەنگە»ی هاوتا لە تەرازووی بوون و نەبووندا، بە پاڵپشتی پیرۆزی سوێند: (بەخوا)، دەبێتە ڕووداوێکی بەردەوام:

**بەڵام بەخوا هەموو ڕۆژێ**
**دڵ دەبێتە چەند دڵۆپێک خوێنی ڕەش و،**
**بەچاوانما ڕادەبووڕێ**

ئەوەی لە «کاکە»دا، سەرەڕای ترسناکی ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت، دابێت دەتوانێ هاوکێشەکە بگۆڕێت جیاوازی هەڵومەرجی گشتی سەردەمی تازەیە لەو سەردەمەی نالی. سەرەڕای هەموو شتێک.. دڕندەیی دیکتاتۆرییەت، جۆراوجۆری و دڕندەیی چەکەکانی، توانای گەورەی دارایی، توانای گەورەی ڕاگەیاندن و تۆڕی پەیوەندییە جۆر بەجۆرە و گەورە و کاریگەرەکانی، سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەنوەر دوو شتی گرنگ بەدی دەکات: ئەو بزووتنەوەی داکۆکی کردنەی سەرلەنوێ سەری هەڵداوەتەوە و وا خەریکە خوێنی تازەی پێ دەبەخشرێ، ویستی پۆڵایینی گەلێک بۆ ژیان، ئا ئەمەش گرەوەکەیە.. هەموو شتێک، تەنانەت شاعیر و کاکەش، ئەوەی جاران نین و بەم شێوەیەی ئێستا..، لەم بارەی ئێستادا نامێننەوە:

**کاکە دەڵێن: سواری گلا و ڕاست بۆتەوە و،**
**ئەمجارەیان ئەسپی ژێری،**
**باهۆزێکە لە گڕی سوور**
**کاکە! نە شار، نەستێرەکەی،**

**لەهەوری خوێندا نوقم بووی**
**جاران و میری بەبەیە و**
**نە تۆش خواپەرستی بێ خوا و**
**نە من غەریبی تا هەتا... کاکە** ل٨٣

ئەمەش تەنیا جەوهەری دەرک کردن بەو گۆڕانکارییانە نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێکی دیکە گەشبینە لەسەر بنەمای بەهێزی زەمینەسازبوون بۆ گۆڕان.

(٢)

لەکۆمەڵە شیعری «زایەڵە»دا سنوور تەنیا شەونمێکە، بە هەڵهاتنی خۆری سۆزی ڕاستەقینە دەبێتە هەڵم و ئیدی «من» لە نەخشەی «ئێمە» و هەر «بەرد» و «چڵ» و «دڵۆپ»ێک لە نەخشەی «چیا» و «دارستان» و «ڕووبار» و سەرجەمی ئەمانەش لە نەخشەی گشتی «نیشتمان»دا جێگەیان دەبێتەوە بێ ئەوەی هەر شتێک، هەرچەند بچووک بێت، بزر بێت، یان بەلای کەمەوە، ڕۆڵیان کەم بکرێتەوە، چاوی مرۆڤی نامۆی گرێدراو بە وڵاتەکەی دوو تایبەتمەندی گەورەی هەیە:

١- دووربینە، بەو مەعنایەی بە قووڵایی تەمەندا ڕۆدەچێ و وێنە و چرکەی پێویست، لە هەر قۆناغێکی زەمەنی بێت، دەگوازێتەوە بۆ ئێستا بەو بەمەستەی «سۆز- عاطفە»، لە تاقیگەی خۆیدا، بەشێوەی شیاو مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

٢- لەسەرخۆیە، بەو مەعنایەی دەیەوێ گەورە و گچکە بواری ئاوڕ لێ دانەوەی پێویستی بۆ بڕەخسێنێ، چونکە لە نیشتمانی بە ناچاری جێ هێڵراودا، هەموو شتێک هەر خۆشەویست، بە نرخ، زیندوو و خاوەن تام و چێژی تایبەتی خۆیەتی. شتەکان پێکەوە بوّن و بەرامە و مێژوو و ناسنامەی نیشتمان پێک دەهێنن.. ئەگەر وانەبێ چۆن «پیرەمەگروون»، «نالی»، «سەیوان» و...تاد، وەکو لە پارچە شیعری «ئەگەر»دا بەدی دەکرێن، چ شتێک ئاوەها پێکەوەیان گرێ دەدا؟:

**ئەگەر ئێوەش، لوتکە بەرزە،**
**بەفرینەکەی «پیرەمەگروون»تان دەبینی و،**
**هۆگرییە بوون..**
**گەر (نالی)یەک دەبووە قوربانی تۆزی ڕێی**
**شنەی باتان**

**ئەگەر ئێوەش،**
**دەیان پشت و خوشک و برا و خۆشەویستتان..**
**دەبوونە میوانی هەتا هەتای «سەیوان»**
**دەبوونە هاوڕێی ئەرخەوان**

تا ئێستا ناوهێنراوەکان، جگە لە «نالی» تەنیا لە بیرەوەریدا ئەو بارستاییە گەورەیەیان هەیە. شاعیر دڵنیایە لەوەی ئەو کەسانەی قسەیان ئاراستە دەکات، لە وڵاتی خۆیاندا، لوتکەی گەلێک لە «پیرەمەگروون» بەرزتر و بەفرینتریان هەیە... شاعیرێکیان هەیە، بەلای کەمەوە، نالی ئاسا، دوو دڵی گەورەی لە ئاستی چارەنووسی نیشتمان و هاووڵاتیانی بیگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی، تەنانەت، بشبێتە قوربانی تۆزی ڕێگەی ئەو بایەی بە (خۆش مروور) ناوی دەبات و بە (پەیک/ی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور) دەیناسێنێ. (سەیوان)ێک و چەندین ئازیزی بە خاک سپێردراوی ئێجگار نزیکیشیان هەیە، بەڵام ئەو دوو چرکەی جیاوازەی شاعیر دەیەوێ لێرەدا بیانکاتە ئاشنای یەک دوو جوگرافیا و دوو گۆشەنیگاو دوو سۆزی جیاواز لە ئامێز دەگرن... چرکەی دەربڕینی شیعری سۆزێکی نامۆ و چرکەی وەرگرتن و پەسندکردنی لەناخەوە، لەلایەن ئەوانەوە کە دەیەوێ نەک تەنیا گوێ، بەڵکو ناخیشیان بۆی بکەنەوە، جگە لە جوگرافیا و گۆشەنیگا و سۆز، جیهانی سیاسەت و بەرژەوەندییەکان و ڕاگەیاندنیش هۆکاری جیاکردنەوە و چەواشەکردنن، ئەگەر ئەوکاتە سۆڤیەتی ستالین بووبایە، ئەوا خەڵکی، بە «سۆزی دامرکێندراو»، یان، دەیانزانی سەددامی خاوەن توانای دارایی، ڕێک وەکو ستالین، دەزانێ چۆن دزێوترین تاوانەکانی مێژوو لەژێر پەردەی سێبیانەی سەرکوت کردن، سامان و ڕاگەیاندنی چەواشەکاردا بشارێتەوە، بەڵام سەردەمی مەنگی برێجنێف و بەرژەوەندی گەورەی فرۆشتن و کڕینی چەک، لەژێر پەردەی دۆستایەتی بەرەی سۆشیالیزم دژی سەرمایەداری و ڕاگەیاندنی پێکەوە ئاشناو تەبا کردنی هاودژ و ناکۆکەکان و لە هەموو ئەمانەش خراپتر.. گوێ گرتن لە سایەی ئەو برسێتییە پەردەپۆش و سەرکوتکراوەی «ئایدیۆلۆژی» بەشێوەی بەهاری جێبەجێ کردنی تەواوی هەموو پێویستییەکان دەیخستە پێش چاو.. سەرجەمی ئەم هۆکارانە ڕێگەیان

لەوە دەگرت ئەو ناوانە ببنە باڵیۆزی سۆزەکانی شاعیر و ئەو ڕەنگە دڵگیرانەی شاعیر لە شیعرەکاندا پاراستوونی و بارستایی زیاتریشی پێ بەخشیون، بە ڕێشکاوی ئەو چاوە لاواز کـراوانە ببـینرێن... ئایا ڕەخنەگـرانمان، هی خۆمان نەک خەڵکی دیکە، سەرنجی هیچ خوێنەرێکیان بۆ لای دەنگی شاراوەی ئەم «شت»انەی تەنیا شارێکی کوردستان ڕاکێشاوە:

**ئەگەر ئێوەش، وەکو شارە نەشمیلەکەم،**
**دەبوونە فوای ئەسپەکەی شێخ**
**گەر چریکەی مەردانەی شێخ،**
**دەشت و دەرو کەژی ئێوەشی دەهەژاند**
**گەر قەتارەی کاروانی گەورەی شەهیدان،**
**بە دڵتانا تێپەڕ دەبوو،**
**ئەگەر کچێکی چاوڕەشی سلێمانی**
**جارێ بە ساقەتان دەبوو،**
**ئەی خەڵکینە،**
**ئێوەش وەک من،**
**خۆشەویستی کوردستانتان،**
**لە هەرچی شتێ پیرۆزە،**
**لەدڵدا پیرۆزتر دەبوو، لەدڵدا گەورەتر دەبوو** ل٩٤

لەچوارچێوەی ئەو تێکەڵ بوونی شـتـانەدا، کـە لە نەمـانی سنوورەوە دێنە ئاراوە، کـۆشـشـێکی شـاعـیـرە بۆدەستنیشان کردنی شادەمارە زیندووەکەی ژیان بەگشتی و دانانی بە یەکـێک لە نەگـۆڕەکـانی بوون (الوجـود). لەلایەکەوە:

**ئەگەر (شیرین) عەشقەکەی گەورە نەبووایە،**
**فـــەرهادەکــــەی بە ئارەزوو و باوەشی پیـــــسی (کەیخەسرەو)**
**بفرۆشتایە..**
**تاکو مردن زامێ بە سۆ،**
**لە قووڵایی دڵی فەرهاد دا هەر دەما و**
**وەک شالوورێکی ڕەنجەڕۆ،**
**ڕۆژەی لەسەر چڵێ دەنیشت**
**هەر ڕۆژەی بۆ گوڵێ دەیخوێند،**
**فەرهاد ئەوسا، هەموو ڕۆژێ بەسەدان جار،**
**لە غەریبی خۆیدا دەمرد،**
**هەر شــەوەشی، لە باوەشی ئافــرەتێکدا بەســەر دەبرد**

ئەوین/ ل٩٥

ئەگەرچی لە داسـتـانە عیـشـقی (شـیرین و فەرهاد)دا، فـەرهاد خـۆی بۆ عـیـشـقـەکـەی بەخت دەکـات و ئەو هەڵوێسـتـە پیـرۆزەی شـیرین (واتە ڕەتکردنەوەی هەمـوو دەسکەوتەکـانی ژیان لەگـەڵ خەسـرەو، دەرەنجـامـە، بەڵام ئەنوەر ئەوەیان دەکاتە «نەگۆڕ» چیرۆکی ئەم جێگۆڕکێیە، ڕەنگە لە چیـرۆکی ئەو خـۆشـەویسـتـیـە ناکـامـەیەوە هەڵقـووڵابێ کـە لە «کـۆچی شـازادە»ی کـۆمـەڵە شیـعـری «زریان»دا بەدیمان کـرد، لەوێدا سـەرەڕای ئەو چیـرۆکی ناکامییەی لەکاتێکی دیاریکراوەوە دزەی کردە نێو ژیانی سۆزی شاعیر و ئیدی بەجێی نەهێشت، سەرەڕای ئەوەی شازادە دەسپێشخـەر بوو لە دوورکەوتنەوە، بەڵام ئەم لە گوڵ کاڵتریشی پێ نەگوت تەنیا گلەیی لەخۆی کرد:

**مەشقەڵانی ئاگرێ بووی بۆ ڕێبواری وێڵ هەڵئەکرای،**
**بارانێ بووی پایزێکی درەنگ درەنگ بەسەر کێڵگەدا دات ئەکرد..**
**وەڕز ئەبووم.. کاتێ پرچت دەستەکانتی ئازار ئەدا**
**وەڕز ئەبووم.. پەنجەکانت چاوەکانتی هەڵئەگلۆفی**
**داستانێکی زۆر شیرین بووی، شاعیرێ هات بە شیعر بتنووسێتەوە**
**هوزارێ بووی شەنگ و خاماک**
**لەسەر داری زڕی گیانی سووتاوی (ئەنوەر) هەڵنیشتی و هەڵیش فڕیت...**
**تۆ لەلای من منداڵ نەبووی، زۆر گەورەبووی**
**گەورەییەک نەمئەتوانی بەزار بیڵێم**
**ئیمشەو گیانە!**
**بە بێداری سەرم لەشمی بەجێ ئەهێشت**
**پەنجەکانم هەڵئەوەرین..**
**دڵم سنگمی بەدەست ئەدڕی و بەشـەقـامـەکـاندا ڕای ئەکرد**
**تۆش کۆچت کرد، بەجێت هێشتم**
**لێت دڵگیـر نیم، خـۆم بەخـۆم کـرد** کـۆچی شـازادە/ ل٦٥

ئەمـە جـەوهەری ئەو هەڵـوێسـتـە بناغـەییـەیە کـە خۆشەویستی، بەلای شاعیرەوە، کردۆتە ئەو چارەنووسەی هەمـوو مێژوومـانی داگیرکردووە. پێشتر: هەر لە کۆمەڵە شیـعری «زریان» و لە «وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد»دا،

ئەو هەڵوێستە بناغەییە، لەسەر زاری «فەرهاد» بەم شێوەیە ڕاگەیەندراوە:

**هۆ شیرین گیان!**
**دوای وەرزی قوڵنگ وەشاندن**
**دوای ماندوو بوون**
**هەناسەکەم کە ئەرژێتە سەر ڕووی بێستوون**
**وێنەی شیرین نەخش ئەکا**
**لێــوی تینووی دڵدارێکی لە یار بڕاو نەخش ئەکــا**
ل١٤

تا ئێرە، بە ڕواڵەت هەر کێشەی خۆشەویستی نێوان دووعاشقی لەخۆ بوردوو بەسەر شانۆی ڕووداوەوە دیارە، لێرە بەدواوە، لەخودی ئەم پارچە شیعرەشدا، مەودایەکی دیکە بە خـۆوە دەگـرێ، مـەودایەکی ئەوتۆ کـە پەل بۆ سنوورەکـانی «بوون» دەهاوێت و «شـتـەکـان» دەهێنرێنە گۆ:

**پەنجەی مەرگ و خۆشەویستی نەخش ئەکا**
**وێنەکانم.. بە فرمێسکی تاڵی هەوری هەموو**
**ئاسمانێ کێشراون..**
**وێنەکانم.. وەک ڕووباری ئەوچاوانەت**
**لافاوی خەم، خۆشەویستی تیا هەڵساوە**
**وێنەکانم.. کانیاوی تازە تەقیون**
**ڕوو ناکەنە ڕووبارە مەنگ و تەڵخەکان**
**ڕووبارەکان خوڕە و هەڵهەڵەیان نایە**
**ڕووبارەکان شووشەی پەنجەرەی بەر گڕەی**
**هاوینێکن.. تەمی سپی هەناسەمان**
**لە ڕوخساریان شیرین نایە**
**وێنەکانم.. تارمایی ڕەشی گومانن**
**لە دەروونی دڵدارەکاندا هەڵئەکەن**
**باڵ دائەدەن..**
**نزاو تکای نەبیستراوی سواڵکەرەکانی**
**ناو شارن.. لە برسانا**
**لەتینوانا.. هەموو شەوێ دە هەزار جار**
**لە قاپی دادی خوا ئەدەن** ل١٤-١٥

لەلایەکی دیکەشەوە، ئەم خۆشەویستییەی لە «وەرزی سـەرهەڵدانی فـەرهاد»ەوە بـەو شـێـوەیە بووە قـەدەر و چارەنووس و بەرەو لایەنەکـانی ژیان پەلی هاویشت، لە «پایز و ئەڤین»ی کـۆمـەڵە شـیـعری (زایەڵە)دا دەبێـتـە ناسنامـەی «شت»ەکـان، سـەرەتا، ئەم ناسنامـەیە، لە نیـشـتـمـاندا ڕەگ دادەکـوتێ، بەڵام پاشـان سنوور دەبەزێنێ.. لەم سنوور بەزاندنەدا سـەرەتا چەمکەکـان: (پەیکە)، (مـۆزەخانە) و (کەنیـسـە) دەبنە سـوپەری ئەم گۆڕەپانە بەرینترەی خۆشەویستی:

**لەگەڵ گەڵای هەڵوەریوی باخچەکاندا**
**لەگەڵ مەلی کز و ماڵی جادەکاندا،**
**چاوەڕێت بووین،**
**دەنگت نەبوو! ڕەنگت نەبوو**
**پەیکەر، درەخت، مۆزەخانەی پڕ جموجووڵ،**
**ئەو گڵۆپە شین و مۆر هەڵگەڕاوانە،**
**ئەم کەنیسە خامۆشانە، لێم دەپرسن:**
**- ئەوە چیتە جار جار تەنیای؟!**
**یا لەگەڵ کچی تازەدای؟!** ل١٠٣

پاشانیش، «شت»ەکان بە ئاقارێکدا دەڕۆن کە لەناو و نەریتدا دەرەوەی نیشـتـمـان زەق بێـتەوە و سـەرلەنوێ لە هەمان چارەنووسی خۆشەویستدا لەگەڵ نیشتمان و ناو و نەریتی ئامێتەی یەک بن:

**ئەلیناکەم! جەژنی نەیابەر تێپەڕی و تۆ نەهاتی،**
**باڵدار دایان لە شەقەی باڵ،**
**کۆچیان کرد و تۆ نەگەشتی**
**بەفرتێی کرد، (نیڤا)ش بەستی و هەر نەهاتی**
**گیانەکەی من! دەڵێن: میرەکانی «بۆتان»**
**وەڕس بوون بەدەستمەوە و**
**فڕێیان داومەتە زیندان،**
**دەس هەڵگری عەشق و باڵای خوشکیان نەبووم،**
**لە ماهـ و زەردی دەیەها،**
**داستانانی نائومێدیدا هەڵدێراوم و هەر نەمردووم..**
**دەڵێن: دەیان تیشەی تیژم،**
**داوە بە تەختی تەوێڵما و هێشتا زیندووم**
**دەڵێن: جوانیی هەموو (زین) و**
**هەموو (خەج) و (شیرین)ەکان..**
**لە هەستیی تۆدا نەخشاوە**
**دەڵێن: عەشقی هەموو (مەم) و**
**(سیامەند) و (فەرهاد)ەکان..**
**بۆتە گڕێکی نەمرو**

**لەناو دڵی مندا بۆ خۆی داگیرساوە** ل١٠٣-١٠٤

ئەو خۆشەویستییە چارەنووسەی ئاوەها بەلای شاعیرەوە پەلوپۆی هاوێشتووە، لە (داستانی ئەڤینی سیوەخان)دا، خودی داستانەکە بەشێوەیەک دەخرێتە گەڕ کە نەیاری عیشق، چ دەرەکی بێت و چ خۆماڵی، هەر ئەو لە بۆسەدا دەبێ بۆ سەربڕینی ژیان و گوندیش لە ئاستی ئەم نەیارییەدا، نەزانانە، ئاوڕ لەو هاوارە قووڵە ناداتەوە و بە تەواوی کەڕ دەبێ:

**قەت دەستەکان هەتاکو سەر،**
**نەدەبوونە تەنیا دەستێ،**
**نووکی تیژی خەنجەرەکان،**
**لوولەی گەرمی تفەنگەکان**
**ئاراستە دێو، تەلیسمەکەی نەدەکران**
**بۆیە ئاوا هەموو جارێ**
**(حسەین بەگ)ی ئاغای تورکان،**
**هی عەجەمان، هی عەرەبان**
**هی کێ و هی کێ!**
**شمشێری ژەهراوی خۆیان**
**دەگەیاندە قووڵایی دڵی سیوەخان،**
**گوند گوێی کەڕ بوو، ڕانەمەڕ بوو**
**گوند جاروبار سڕبوو، وڕ بوو**
**کە شوانێکی عاشقی تیا پەیدا دەبوو،**
**دڵی لەگوڵ سێوی دەچوو**
**لە هەموو لاوە دوژمن بوو**
**لە ناوخۆدا، لەملا و لەولا،**
**بۆ بڕینی سەری شوانەی دڵدار دەچوون**
**شەیدای باڵا و چاو و مەمکی سێوێ دەبوون**
**گوند گوێی کەڕ بوو،**
**هەرگیز پەندی لە ڕابوردووی وەرنەدەگرت**
**دەنگی پیرێک، وەک بروسکەی ناو شەوەزەنگ**
**وەکو «مانگی ناو زۆنگاوی لێخن و مەنگ» پەیدا دەبوو**
**- تاکەی هەموو جوامێرەکان ساویلکە بن**
**یەکسەر بەر شەوارە کەون**
**بکەونە تۆڕ داوی دوژمن؟!** داستانی ئەڤینی سیوەخان/ل١٤٠-١٤١

ئایا ئەمە چارەنووسی خۆشەویستی نیشتمان و عاشقانیشی نەبووە!؟.

ڕازی گەورە لێرەدا شاردراوەتەوە. ئەنوەر، ئەم ڕێبوارە تا سەر ئێسقان برینداره، سەرەڕای هەموو ئازارەکانی، نایەوێ چۆک دابدات.. ئا ئەوەتا لەلایەکەوە شیعرەکانی بەم شێوەیە دەناسێنێ:

**سوێ و مەینەتی یەکەم کۆستن**
**تفت و تاڵیی کۆچ کردنن،**
**شەو سووتانی غەریبانن،**
**کسپە و ئازاری نۆ زامن،**
**دەشیانەوێ وەکو هاتنەوەی ئازیزبن،**
**شیرین بن وەک یەکەم ئەڤین،**
**وەکو گەرمی لێو هەڵمژین**
**وەک ژیان خۆی شیعرەکانم هێور نابن..**
**دەیانەوێ، خۆرەتاوی دوای گشت لێزمەی بارانێ بن**
**دەیانەوێ تریقەی دوای هەموو کوڵی گریانێ بن**
شیعرەکانم/١٢٧

لەلایەکی دیکەشەوە شانازی بەوەوە دەکات کە «نائومێدی» ، ئەگەرچی دەوروبەر و تەنانەت ئەندامی گرنگی جەستەشی تەنیوە، بەڵام:

**نائومێدی درەختێکە،**
**پەل و پۆی شەختە و چلوورەن،**
**قەد و لقی سەهۆڵێنن، لەوەتەی هەم،**
**زریانی بێ ئامانی خەم،**
**بەرەو ژێری لوولم دەدا**
**مێلۆی تاسە و خۆزگەکانمی لێ هەڵدەخا...**
**نائومێدی تەمێکە خەست، لەوەتەی هەم،**
**دەشتی چاومی داگرتووە،**
**ئالاوەتە لووتکەی سەرم،**
**بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە، دست بنێتە بینی دڵم**
نائومێدی/ل١٢٩

بەڵام ترسێکی گەورە، ئێجگار گەورەش، دڵنیایی تەواوی جێ لەق کردووە و لەلایەکەوە، وێڕای شانازی گەورەی بەچیاکانی کوردستان، ئەو چیایانەی لەسەردەمی تەنیایی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنفال و کۆمەڵکوژیدانە «تاقە دۆستی کوردان» ، لەلایەن

کـەسـانێکەوە ناوبران، بەڵام پێی وایە هۆکـارێکی نێوخۆیی هەڕەشەی لێ دەکات:

**ئەو کەژانە بەسەدان جار،**
**لەناو تەمدا، لەناو خوێندا نوقم بوون،**
**ئەو کەژانە بەسەدان جار،**
**بەمردنی شۆڕەسوار و کەڵەمێران،**
**جەرگی قایمیان سووتاوە**
**ئەو کەژانە دوژمن نەما،**
**نەیە و پەلاماریان نەدا**
**دوژمن نەما، شەڕە قۆچیان لەگەڵ نەکا،**
**دوژمن نەما، کە شمشێری شکاویان تیا فڕێ نەدا**
**دوژمن نەما چنگ لەسەر شان،**
**لە ترساندا بەرەو دواوە،**
**دۆڵ کێشی نەکا و ڕانەکا..**
**ئەو کەژانە، کەس نییە چۆکیان پێ دادا و**
**هێزیش نییە لووتیان بێنێتەوە بۆ زەوی،**
**مەگەر شەڕی برا کوژی** ئەو کەژانە/ل۱۰۰

ئەم براکوژی-یە، بەلای شاعیرەوە، بەشێوەیەکی پەردەپۆش کراو، لە «داستانی ئەڤینی سیوەخان»دا، بەشێوەی گەراکانی بیرۆکەیەکیش بووبێ، بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ کرابوو:

**لە هەموو لاوە دوژمن بوو،**
**لەناوخۆدا، لەملا و ئەولا**

بەڵام پێ دەچێ ئەو دارشتنە شەرمنانەی ئەو پارچە شیعرە، نەک خستنەگەڕی ئازارێکی سەخت بووبێ لە چوارچێوەی داستانێکی خۆشەویستی کوردانەدا. دەنا ئەو دوژمنەی لەناوخۆدا، بەدرێژایی مێژووی کورد، ئامادە بووە، بەلای شاعیرەوە بە (تەلیسم)ێک لەقەڵەم دراوە کە تا ئێستا نەشکێنراوە:

**وەک زرەی زەنگی زەواری،**
**کە ڕێی دوور و هەوراز دەبڕێ**
**ئاواتییە بۆ هەواری..**
**وەک سۆزەی شمشاڵی شوانێ،**
**نۆ پاییزێ، بەربەیانێ**
**دەڕژێتە دەشتی خامۆش و**
**بەرێ دەکا لەنجەی جوانێ**

**ئەم دڵە کوردانەی ئێمەش،**
**زۆر دەمێکە کۆیلەیەتیی خستووەتە ژێر پێیەوە و**
**بانگی ئازادی زوو داوە...**
**بەڵام هێشتا تەلیسمی ڕەشی خۆ خۆری و**
**دووبەرەکی بۆ نەشکاوە** تەلیسم/ ۱۲٤

بەم شێوەیە، چەمکی «زایەڵە» بەو پێیەی دەنگی شاراوەی شتەکانە و ڕەگی قووڵی لە «خۆشەویستی»دا بەدی دەکرێت، دەتوانرێ لەسەرجەمی شیعرەکانی کۆمەڵەی «زایەڵە»دا بە ڕوونی، یان لەژێر پەروەردە بەدی بکرێ. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو چەمکە، لەو دیوانەدا، نە چەمکی سەرەکییە و نە بەرجەستەترینیانە، بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ وردەکاریی گەورەی شاعیر لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە. لێرەوە، نیازم نییە، ئەگەر هەلی گونجاوی دیکەم بۆ برەخسێ، ئەمە تەنیا ئاوڕدانەوەم بێ لە «زایەڵە» و دوو کۆمەڵە شیعرەکەی دیکەی ئەم شاعیرە ڕاستگۆ و داهێنەرە. لە شیعرەکانی ئەمدا دوو شادەمارگەلێک بەخۆوەیان خەریک کردووم: کاریگەرییەکی قووڵی سۆفیگەری، لە پشت پەردەی زاراوەکانییەوە و سۆزێکی نائاسایی (غیر تقلیدی).

**پەراوێز:**

**١- نالی (مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی): دیوانی نالی. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، بلاوکراوەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕ، بەغدا ١٩٧٦.**

**٢- هەموو دەقەکانی شاعیر، لەم نووسینەدا، لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراون:**

**ئەنوەر قادر محەمەد: زریان و زایەڵە و زنار، لە چاپەمەنییەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٤.**